پاشکۆی ژمارە ٦١٩

# هاوکاری

## 6 جەژنی سوپا
## جەژنی گەل



Institut Kurde de Paris

# لەووتە مێژووییەکانی س
# سەرفرازمان ص

**● بۆ داکۆکی کردن لەشەرەفی عیراق و سەربەخۆیی ((**

بۆ داکۆکی کردن لە شەرەفی عیراق و سەربەخۆیی و بەرژەوەندییە زیندووەکانی دەبوو کاری پێویست ئەنجام بدرێت بۆ بەر پەرچدانەوەی دەستدرێژی‌کەران کە لە نەزانین و بێ‌گوێیی و ڕقی ڕەشیاندا خنکاون .. دەبوو شمشێری عیراقی و شمشێری عەرەبی .. شمشێری عەلی و .. خالد و .. سەعد .. قەعقاع بەرز بکرێتەوە.. بۆ ئەوەی لەم تاقمە ستەمکارە بدات و دەرسێکی مێژوویی نوێیان پێدابدات .. نەبەردی قادسیەی تێدا بگێرێتەوە کە لووت‌بەرزیی کیسرای تێکشکاند و ئالای ئیسلامی زۆر بڵند کردەوە لە قەڵەمڕەوەکانی ناوچەکەدا و بە سەر دیاردەکانی کفر و دەستدرێژی و نەزانیندا سەرکەوت .

وەك ئەوەی لە زەین القوس و لە سیف سەعد کردمان .. ئەوا ئێمە کوتوپڕی نەچووینە سەر دوژمن ئەگەر چی کوتوپڕی کارێکی ڕەوایە لە کارەکانی جەنگ سەبارەت بەرەو ڕوو وەستانی دەستدرێژی کردن بەڵکوو بە ئاکاری بەرز و لێپرسراوێتیی توند و تیژ ڕەفتاری کرد ئەوە بوو ئاگادارمان و وریامان کردنەوە بەر لەوەی دەست بووەشێنین .. کاتێکیش وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوە سوودیان نەبوو فەرمانمان بە سوپای ئازاماندا بەرەنگاری ئەم تاقمە.. میراتگرانی کیسرا و .. مەجووسییەکانی سەدەی بیستەم ببنەوە .. بۆ ئەوەی بە توندی بیانڕەتێنن .

ئەی عیراقییە نەبەردەکان و ئەی عەرەبە ئازاکان لە هەموو شوێنێك هەن ئەمەیش ئەو کارە بوو کە هێزە چەکدارەکانتان ئەنجامیاندا .

ئەوە بوو هێزەکانمان بەرەنگاری دوژمن بوونەوە وەکوو چۆن زولفەقار .. شمشێری حەزرەتی علی کوڕی ابو طالب بەرەنگاری کافرەکان بووەوە لە جەنگە نەمرەکانی موسولمانەکاندا .

**● شمشێری بە شەرەفی عیراقی بۆپێشەوە دەڕوات**

لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا لە دەست‌پێکردنی جەنگەوە لە زەوی و ئاسمان و دەریادا شمشێری بە شەرەفی عیراقی بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت پشتی بە گیانی نەتەوە و پەیام و مێژووە مەزنەکەی بەستبوو .. بە باوەڕ و ئازایەتی و توانابییەوە داستانەکانی بەدر و قادسیە و یەرموك و حطینی دووبارە دەکردەوە .

**● واتای سەربەرزی و مەردایەتی و لێبوردن ●**

برایان ..

خوا لە کتێبی پیرۆزی خۆیدا واتای سەربەرزی و مەردایەتی و لێبوردنی فێرکردووین .. دیارترین سیفاتی عەرەبیش ( لێبوردنە لە کاتی دەستڕۆیشتندا، خوداش لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی ( وان جنحوا للسلم فاجنح لها ) ئێمەیش لەسەر ئەم ئاکارانە پەروەردە کراوین لە سایەی بیروباوەڕی حزبە تێکۆشەرەکەمان و شۆڕشی مەزنی تەمووزدا .

ئەو تاقمە دەستدرێژی‌کەرە فەرمانڕەوایە لە تاران بەلای ئاشتیدا نەچوون و هێشتاکە دەهۆڵی دڕاوی جەنگ لێ دەدەن بەڵام ئێمە مانان کوڕەزایانی عەلی و حوسەین و خالد و سەعد بۆیان دەچەسپێنین .. وەکوو چۆن بەر لە چواردە سەدە بۆمان چەسپاندن کە ئێمە داخوازیی جەنگ نین بەڵکوو داواکاری ماف و خاوەندی پەیامین .



Institut Kurde de Paris

# ـەرکردەی کاروانــــــی

# ـدام حســـــــین

**ئێمە مەرجی ناڕەوابانەی ناسەپێنین .**

ئێمە لەوانەنین کە لە خۆیان بایی دەبن‌و سەرکەوتن سواری ملیان دەبێت‌و مەرجی ناڕەوا دەسەپێنن بەسەر ئەوانی ترەوە هەتا ئەگەر ئەوان دەست درێژکەرو خاوەن مەرامی پوخل بن .. ئێمە مەرجی ناڕەوا ناسەپێنین‌و هیچ تەماحێکیشمان نی‌یە ، ئێمە بیروڕای ئاشکراو نەمر .. بیروڕای حەق‌و چاکەو ئاشتی بەرانبەر گەلانی ئێران‌و دەوڵەتانی ناوچەکەو.. نەتەوەی عەرەب‌و هەموو جیهاندا دەخەینە روو .

ئەوەی داوای دەکەین ئەوەیە کە حکومەتی ئێران بە شێوەیەکی ئاشکراو روون‌و یاسایانە ددان بە مافە مێژوویە رەواکانی عیراق بنێت لە خاک‌و ئاوەکەیداو ئیلتیزامی بە سیاسەتی چاکەی دراوسێتی هەبێت‌و واز لە لایەنی رەگەر پەرستێتی‌و دوژمنایەتی‌یە فراوانەکانی‌و هەڵوێستەکانی لەدەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی ناوچەکە بێنێت‌و هەموو بستە خاکێك کە خاکی نیشتمانەو داگیری کردوە بداتەوەو لە سەربەتی‌بەو جۆرە سەیری مافی خۆی‌و عەرەب‌و عیراقی‌یەکان بکات‌و ریژی یاساو وەعدو پەیمانە دەوڵەتی‌یەکان بگرێت .

ئێمە هەروەکو لە رابردوودا ووتوومانە ئێران‌و گەلانی ئێران بە دوژمنی عیراق‌و نەتەوەی عەرەب‌و نەزانیوە .. بەڵکو هەمیشە حەزمان کردوە کە دۆست‌و دراوسێ بین‌و بە ئاشتی‌یانە بژین .. بەڵام گەلانی ئێران تا ئێستا حکومەتێکی دڵسۆزانەو عاقڵیان بۆ هەڵنە کەوتووە کە لەو رێبازە چاکە تێ‌بکات‌و تووشی فەرمانڕەوای وا هاتوە کە لە فراوانی‌و دوژمنایەتی‌و هەڕەشەکردنەوە زیاتر هیچ غەمێکی دیکەیان نەبێت .

ئێمە هیوادارین کە گەلانی ئێران لەو مەینەتەی کەتووشی بوەو تاقمێکی بیاز خراپ دەستی بەسەرا گرتوون‌و ئەو کارەساتانەی بۆ ئێران‌و سوپای ئێرانیان هێنا رزگاری بێت .

**خوا لە شەهیدەکان خۆش‌بێ ..**

خوا سەرکەوتوتان کات هاوڕێ‌یانی بیروباوەڕو چەك ، ئەی ئەفسەرو سەربازە ئازاکان ، پیرۆزبێ وزەی بە تواناتان‌و رەحمی خوا بۆ شەهیدان ئەوانەی لە شەڕی شەرەف‌و رێزدا کەوتن‌و ئەوانەی خوای مەزن لە کتێبی پیرۆزیا دەربارەیان دەفەرموی (لیسوا امواتا بل احیاء عند ربهم یرزقون ) گەلەکەمان بە شانازیەوە بیریان دەکات‌و ناویان دەبێتە رووناکی رێگا ، خوێنی پاکیان رووناکی رێگای رزگای فەلەستین‌و هەموو خاکە داگیر کراوەکانی نەتەوەی عەرەب دەبێ .

**سڵاو لە شێرەکانی ئەرزو**

**جەسورەکانی ئاسمان‌و پیاوە**

**ئازاکانـــی دەریـــا**

سڵاو لە شێرەکانی ئەرزو سڵاو لە جەسورەکانی ئاسمانی‌و سڵاو لە پیاوە ئازاکانی دەریا . سوپاسیان دەکەین ، سوپاس بۆ برایان ، سەری وڵاتەکەتان بەرز کردەوە ، سەری نەتەوەتان بەرز کردەوەو وەفایی بەڵێنتان سەلماندو بە ئەمانەتەوە ئەرکتان بە جێ‌هینا .

بە دڵنیاییەوە گیانی علی بن ابی طالب‌و فاروق‌و سعد بن ابی وقاص‌و قعقاع لە گەڵتانا بوون‌و هەستیان بە شانازی دەکرد بەرامبەر بەوەی نەوەکانیان بۆ بەر گری لە حەق‌و خێر دەیان کردو پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانتان دەکەن‌و لە خوا دەخوازن سەرکەوتنی تەواو دەست خەن .



Institut Kurde de Paris










## ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان



# بە شانازی یەوە ئارەزووەکانی خەڵکی ناوچەکانمان بە ئەنجومەن ڕادەگەیەنین بە ئەوپەڕی دڵسۆزی یەوە ئەنجومەن لە خواستو ئاواتی خەڵکی کوردستان دەکۆڵێتەوە کوردو عەرەب یەک ڕیزن لە جەنگی ڕەواماندا دژی ڕژێمی خومەینی فاشیست

**● لە کاتی بەستنی کۆبوونەوە ئاسایی یەکەی ئەمدوایی یەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستاندا ، بە هەلمان زانی کە گفتوگۆیەک لەگەل چەند برایەکی ئەندامی ئەنجومەنی ناوبراودا بکەینو ، چالاکی خۆیانو ئەنجومەنو ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیانە بەسەر بکەینەوە .**

لەپێشدا چاوم بە کاک سیروان محمد رشید شەرەفیەیانی نوێنەری دەربەندیخان کەوتو لێم پرسی :

**– تا چ ڕادەیەک لە ڕاگەیاندنی داخوازیو ئارەزووی خەڵکی ناوچەکەت بە ئەنجومەن سەرکەوتووی؟**

● هەروەک ئاشکرایە ، خەڵکی ناوچەکەمان بۆیە دەنگی خۆیان داوینەتێ کە داخوازی یەکانیان بگەیەنینە ئەنجومەنی یاسادانان ، ئێمەش لەسەرشانمانە کە جێی بڕوایان بینو ، من بە شانازی یەوە داخوازی یەکانی شاری دەربەندیخانم گەیاندوە ، وەک قیرتاو کردنی شەقامەکانو کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکو هێنانی پزیشک بۆ نەخۆشخانەکەی دەربەندیخانو ، کردنەوەی نوتێلێکی گەشتوەریو ، چەوریێز کردنی شەقامەکانی گوندە هاوچەرخەکانو ، هەندێ داخوازی ترو ، هەر داخوازی یەکی تری ناوچەکە هەبێ ، پشت بە خوا دەیگەیەنین بۆ ئەوەی کە ئەنجومەن لێی بکۆڵێتەوەو جێ بەجێ بکرێن ..

**دوایی ئەم پرسیارەمان لە مامۆستا خلیل حمد مصطفی کرد ..**

**– تا چ ڕادەیەک ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان توانیویەتی خواستو ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستان ڕابگەیەنێ ؟**

● بێگومان دەسەڵاتی ئەنجومەنی یاسادانان بەستراوە بە دەسەڵاتی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەوەو ، هەروەها دەستەڵاتی ئەسیندارە گشتی یەکان ، لەم چوارچێوەیەدا ئەنجومەنی یاسادانان زۆر بە باشی خواستو ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستانی پێشکەش کردوەو خستوینەتیە پێش چاوو ، چارەسەریش کراون ..

● **دوایی مامۆستا موشیر هادی احمد – نوێنەری هەولێر لە وەڵامی هەمان پرسیاردا وتی :**

– ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان بە هەموو توانایەکو دڵسۆزی یەوە هەوڵی جێ بەجێ کردنی هەموو ئاواتو خواستێکی ڕەوای جەماوەری کوردمان ئاواتو خواستێکی ڕەوای کاربەدەستان .

● دوایی ئەم پرسیارمان لە کاک عبدالواحد امین قادر – نوێنەری سلێمانی کرد :

**– بیروڕات بەرامبەر وەستانی پاڵەوانانەی گەلو سوپای عیراقی دلێرمان ڕووبەڕووی شەڕفرۆشتنی ڕژێمی فاشیستی خومەینی بە وڵاتەکەمان چیە ؟**

● ڕژێمی فارسی ڕەگەزپەرست هەوڵی ئەوەی دا خاکو ئاوی وڵاتەکەمان داگیربکات ، بەڵام گەلی عیراقمان بە کوردو عەرەبیەوەو سوپا ئازاکەی بە سەرۆکایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر ( صدام حسین ) بەرەوویاندا ڕاپەڕینو ، بەرهەڵستیان کردن ، کەواتە ئێمە بەرگری لە مافو کەرامەتی میللەتەکەمان دەکەینو ، ئێمە شەڕمان پێ نەفرۆشتنو هەر وەکو سەرۆک فەرموویەتی ( ئێمە شەڕفرۆش نین ، هەق خوازین ) خواش لەسەر حەقە ، بۆیە دلنیاین لەوەی کە سەرکەوتنی کۆتایی لەم جەنگەدا هەر بۆ ئێمە هەق خواز دەبێ ، ئەمرۆ گەلی عیراقمان ، کوردو عەرەبی ئەم وڵاتە شیرینە یەک دەنگو یەک ڕیز ڕاوەستاون بۆ سەرکوت کردنی دوژمنانی گەلو وڵاتمان ..


● **کاک فارس محمد قادر ، نوێنەری ناوچەی شەقڵاوە ، دەربارەی ئەو چالاکی یە نیشتمانیانەی کراوە وتی :**

– لاوانی ناوچەکەمان هەموو چەک بەدەستنو ئامادەن بە هەموو توانایەکیانەوە ، بەرگری لە خاکی پیرۆزی نیشتمان بکەن ، ئێمە لە ناوچەکەدا بە دەوری خۆمان هەستاوینو سەرمان لە کەسو کاری شەهیدان داوەو ، لەو کۆڕانەدا بەشداریمان کردوە کە بۆ ڕوون کردنەوەی هۆیەکانی ئەم جەنگە بەستراوە ، هەروەها سەرکردایەتی حیزبیش لە ناوچەکەدا دەوری خۆی بینیوە بۆ وریاکردنەوەی خەڵکەکەو ڕوون کردنەوەی هۆی شەڕفرۆشتنی ڕژێمی خومەینی خوێنرێژ بە وڵاتەکەمان .

**نووسینگەی هەولێر**

Institut Kurde de Paris

# سوپای عێراق پێشڕەوی ڕزگارو ڕەمزی سەربەرزیە






## چەپکە گوڵی پیرۆزبایی

Institut Kurde de Paris





Institut Kurde de Paris

بۆ سەربازە دلێرکانی سوپای عیراق ئارا

له یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێردا ...

# ئافرەتان داوای بەشداری چەکدارانە دەکەن لە بەرەکانی سەردا



**گەلەکەمان رۆژ لەدوای رۆژ ورەی بەرزتر دەبێو باوەڕی بەهێز تر دەبێو بە رووی دوژمنی دیکتاتۆریەتی خومەینی ئەوەستێو بانگی مافو خاك رادەدێرن ، بۆیە ئەمڕۆ کۆمەلانی خەلك بە گیانێکی خەباتگێرانە داوای بەشداری چەکدارانە دەکەن لە بەرەکانی شەڕدا .**

ئافرەتانمان لە پارێزگای هەولێر بانگەوازی ئەم بەشدار بوونەیان بە سینگێکی فراوانەوە وەرگرتو هەمیشە ئامادەن بۆ شەڕکردن لە سەنگەرەکاندا شان بەشانی براکانیان لە پێناوی سەرفرازی وولاتەکەمان، لەم رووەوە رای چەند خوشکێکمان وەرگرت ...

● **جا خوشکە بێریوان عبدالعزیز لێپرسراوی رۆشنبیری ئافرەتان لە مەلبەندی سوران لە هەولێر ووتی :-**

پێویستە هەموو مرۆڤێکی ئەم وولاتە بیر لەوە بکاتەوە کە پارێزگاری کردن لە خاكو نەتەوە ئەرکێکی نیشتمان پەروەرانەیە ، ئەمڕۆش کە ئێمە داوای ئەوە دەکەین بچینە بەرەکانی شەڕ ، دیارە لە هەستێکی پاکەوەو بە قەناعەتێکی پیرۆزەوە ئەو رایە دەدەینو وە بێ گومان ئامادەشین بە کردار جێبەجێی بکەین ، چونکە ئافرەتیش لەو وولاتە ئازایەو بەرگری لە خاك دەکات ...

● **فاطمە عبدالله لێپرسراوی رۆشنبیری لە یەکێتی ئافرەتانی مخمور پێی ووتین ...**

لە قادسیەی صدامدا گەلێك دیاردەی مەزن خۆی وەدەرخست ، لەوانە خۆبەخت کردنو ئازایەتی ئەو گەلە تێکۆشەرە کە ئەوە بۆ ماوەی سالێکو چەند مانگێك دەروات شەری رەوامان بەردەوامە ، کەچی گەل وورەی بەرنەداوەو رۆژ لە دوای رۆژ بەهێز تر دەبێ ...

منیش وەك هەر عیراقیەك ئامادەم بەرەو گۆڕەپانی جەنگ چەك هەلگرمو بەرگری لە خۆشەویستی وولات بکەم . .

● **بدیعە حویز هاتە دوانو ووتی :-**

خۆشەویستی وولات وای لێ کردووین کە خوێنی ئالی خۆمانی بۆ برێژینو لە پێناوی چەك هەلگرین ، ئەمڕۆش ئێمە لە شەڕێکی دژواردایین دژی رژێمی فارسی دەبێ زیاتر بیروباوەڕی شۆرشگێرانەمان بە هێز بکەین ... ئێمەی ئافرەتیشی وەك هەموو ئینسانێك لە عیراقدا دەبێ ئەو واقعە بزانینو هەر زووبەزوو بچینە بەرەکانی شەڕو بانگی ئازادی رادێرین لە سەنگەری مانونەماندا ...

● **با بزانین خوشکە مدیحە محمد دەلێ چی ..؟**

جەنگی قادسیەی صدام مێژوویەکی نەبراوەیە ، گەلی عیراق بە کوردو عەرەبەوە هەر لە یەکەم رۆژی جەنگەوە پڕ بە دل بەلێن پیاوەتیو ئازایەتی داوە کە هەمیشە ببێت بە فیداکارێکی بە جەرگ بۆ پارێزگاری کردن لە خاكو ئاومانو بەرپەرچ دانەوەی هەموو قسەو کردارێکی ناپەسندانەی دوژمنی فارسی بە کرێگیراو ....

جا چوونی ئێمە بۆ بەرەکانی شەڕ وا بزانم شتێکی ئاسایی یە ، چونکە بەرگری لە خاكو بەرگری لە وولات بەرگری لە شەرەفە ....

● **لە مەلبەندی ئافرەتانی شەقلاوە خوشکە نێرگس**

لە چەك هەلگرتن بۆ وولات پیرۆز تر هەیە ، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە لە جەنگێکی رەوادابین دژی دوژمن . . . ئەمڕۆش کە هەموو جیهان دەیزانێ کە ئێمە لەسەر حەقینو خومەینی بە کرێگیراو بە زۆرەملی شەڕی هێنایە سەر شارو لادێکانمان شەردەکەین لە پێناری ئێمەش بەرپەچی دلێرانەمان دایەوەو هەتا ئەمڕوش وورەمان بەرزەو شەڕی سەرفرازی گەلو پارێزگاری کردنی خاکی عیراق ...

**ناظم دلبەند**
**نووسینگەی هەولێر**

●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●

قوتابیانی کوردستان

به‌لێنی پیاوەتی نوێ دەکەنەوە

# بەشداری کردنمان لە جەنگی رەوادا ئەرکێکی نیشتمانی یە

**هەلوێستی . کۆمەلانی خەلك رۆژبەرۆژ زیاتر خۆی دەنوێنێو لە نێو دلو دەروونی ئەم گەلە گری بیروباوەڕ بە تەواوی گلپەی سەندووە ، بۆیە قوتابیانی کوردستان بە گیانێکی خەباتگێرانە هەمیشە دەست لەسەر چەکن بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان .**

جووینە بارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەولێرو چاومان بە ئەندامانی دەستەی کارگێری یەکێتی کەوتو پێ خۆشحالی خۆیان دەربڕی دەربارەی بەشداری بوونیان لە بەرەکانی شەڕدا دژی رژێمی دیکتاتوریەتی فارسی بە کرێگیراو ...

لە پێشدا بەرێز علی احمد جاف سەرۆکی لقی یەکێتی ووتی :-

جەنگی پیرۆزمان دژی رژێە فارسی بە کرێگیراو جەنگێکە بۆ پاراستنی شەرەفو کەرامەتی نیشتمانەکەمانو ، سەندنەوەی خاكو ئاوی داگیر کراومان .. هەر بۆیە هەموو رۆژێ سەربازانی قادسیەی صدام سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن وەدەست دەهێننو سەنگەر بە دوژمن چۆل دەکەن . . جا بە ناوی خۆمو بە ناوی جەماوەری قوتابیانەوە لە پارێزگای هەولێر مەلبەندی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان بەلێنی پیاوەتیو وەفاداری بۆ سەرۆکی فەرماندەو تێکۆشەر صدام حسین نوێ دەکەینەوە ، کە هەمیشە لەسەر ئەو بیروباوەڕە بین خوێنی ئالی خۆمان برێژین لە پێناوی ئەم وولاتەداوە . لە سەنگەری مانونەماندا بین بۆ سەربڕی شۆڕکردنی فارسی رەگەزپەرستی دوژمن .

● **ئینجا بەرێز شیروان مەلا عثمان ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنی یەکێتی پێی ووتین :-**

ئەم خاکە ، کە ئێمەی لەسەر لە دایك بووین پێویستە هەموو کاتێك خوێنی گەشی بۆ برێژین .. . ئەمڕۆش کە لە جەنگێکی دژواردایین لەگەل رژێمی رەگەزپەرستی تاراندا پێویستە هەموو لایەك دەوری سەرەکی خۆمان ببینین لەم قۆناغەدا کە وولاتەکەمانی پێدادەڕوات، قوتابیانی کوردستان درێغی یان نەکردووە لە رۆژ ژمێری جەنگی رەواماندا .. . بەشداریمان کردووە لە گەلێك لایەنی پیرۆز بۆ پارێزگاری کردنی باری ناوخۆو بەستنی کۆڕو کۆوونەوە بە ئامانجی هۆشیار کردنەوەی جەماوەران دەربارەی دەستدرێژی یەکانی رژێمی خومەینی بە کرێگیراوو ، ئێمە هەموو کاتێك ئامادەین بچینە بەرەکانی شەڕەوە ، وەك چەند جارێکی تریش چەکی پیاوەتیمان هەلگرتووەو لە سەنگەرەکانی شەڕدا دژی رژێمە بۆگەنەکەی ئێران دەورمان گێڕاوە ...

● **هەروەها بەرێز مؤید سامی فرج ئەندامی دەستەی کارگێری لقی یەکێتی ووتی :-**

گەل هەموو دەمانێك دەست لەسەر سینگە بۆ بەشداری کردنی لە جەنگی رەواماندا ، قوتابیانی کوردستان هەموودەم لە سەر بیروباوەڕەکان پارتی سەرکردەو راسپاردەکانی هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین دەڕۆن ، لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا دەنگی نارەزایی بەرز دەبێتەوەو داوای بەشداری بوون دەکەن لە بەرەکانی شەڕدا دژی رژێمی خومەینی جادووگەر . . . بەلێنی ئێمەش هەر ئەوەیە ئامادەین چەکی ماف پەروەرەتی هەلگرینو بەرەو جەنگی پیاوەتی بکەوینەڕێ لە پێناوی پارێزگاری کردن لە مافناو خاكو شەرەفمان ..

Institut Kurde de Paris



# ٦ی کانون

ئەمڕۆ شەشی کانونە جەژنی سوپای ئازایە
پیرۆزبێ لە عیراقمان خاوەنی ئەم سوپایە
لاوی بەتین و ئازا لە جەنگی سنووردایە
خوایە هەربا بمێنێ ئەم حزب و ئەم سوپایە
کوردو عەرەب بەیەک دڵ لەناو یەک سەنگەردایە
خوێن ئەڕێژن بۆ وڵات ئەمە وەعدو وەفایە
باش بزانن خائنان عێراق ئەمڕۆ چرایە
خوایە هەر بەردەوام بێت ئەم دەستوورو یاسایە
شەهید بوون بۆ ئەم گەلە خوێنیان لەلا بەهایە
«خومەینی و ڕەفزنجانی» لە ئێراندا هەرایە ؟
کوردو عەرەب و بلوش بۆتان لە کەمیندایە
خوایە باهەر بمێنێ ئەم سەرۆکە ئازایە

پەیمان علی ابراهیم درویش
سلێمانی



Institut Kurde de Paris

# هاوكاری

التضامن

بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر

اسماعیل رسول

* ژمارەی تایبەتی *

● پینجشەممە ١٤ی كانوونی٢ /١٩٨٢/ ژمارە ٦٢٠ ●


# موهیب روكن صدام حسین

# سەرلە سەربازگەیەكی

# مەشقی سوپای میللی دەدات



سەرۆكی بەڕێز موهیب روكن صدام حسین فەرماندەی گشتی هیزە چەكدارەكان پێری بەیانی سەری داوە لە سەربازگەیەكی مەشقی سوپای میللی لە پاریزگای بەغدا .

بەڕێز سەرۆكی فەرماندە لە گەڕانەكەیدا بە سەربازگەكەدا گوێی لە روونكردنەوەیەكی سەرتاپا گیری چۆنیەتی ئەو مەشقە نوێیە گرت كە بۆ ئامادەكردنی جەنگاوەران دەكرێ و لە روی هیزو توانای پتەوەوەو هاوڕێیان ئامیرەكانی سەربازگەكە روونكردنەوەكانیان پێشكەش كرد .

جەنگاوەرەكان ئامادەیی هەمیشەیان پیشان داوە بۆ بەشداری شەرەفمەندانە لە جەنگی نەتەوەیی و نیشتمانیماندا دژی فارسی رەگەزپەرست هەتا مل بۆ مافەكانمان لە خاك و ئاوداكەچ دەكات .

## دوانی قسەكەرێكی سەربازی

قسەكەرێكی سەربازی سەركردایەتی گشتی هیزە چەكدارەكان رای گەیاند كە هەندێ لە هیزەكانمان لە ناوچەی خفاجیە ئەو شوێنانەی خۆیان رێكخستۆتەوە لە ناوچەكەدا كە لە سەرەتای جەنگەوە بەهوی پێداویستی عەسكەری لە كاتی خۆیدا تیا بوون و ئەمەش دەقی دوانەكەیە :

هەندێ لە هیزەكانمان لە ماوەی چەند رۆژی رابوردوا خۆیان لە ناوچەكانی خفاجیە رێكخستۆتەوە لە بنكەكانی ئەو شوێنانەی لە سەرەتای جەنگەوە بە هوی پێداویستی عەسكەری تیا بوون و ئەم كارەش بە هوی پێداویستی عەسكەری و ئاسایشی كەرتەكانمان كراوە بە درێژایی بەرەگەی جەنگ و ئەم كارە بە جۆری كراوە بە بێ هیچ دەست تێوەردانێكی فارسی دوژمن .

# هیزە جەنگاوەرەكانی سوپای عیراقی دلیر دەستی مەردانی زیاتر لە دوژمن دەوەشێنن

# فرۆكەكانمان مۆلگاو بنكەكانی دوژمن بۆردومان دەكەن

بەدرێژایی هەفتەی رابووردو ، هیزە جەنگاوەرەكانی سوپای عیراقی مەزن ، زیانێكی زۆریان بە دوژمنی رەگەزپەرست گەیاندو ئالای سەركەوتنی عیراق ، بەبازووی مەردانەی سەربازە دلێرەكانی سوپای قادسیەی صدام هەر بەرزدەشەكێتەوە .

بەپێی بەیاننامەكانی سەركردایەتی گشتی هیزە چەكدارەكان زیانی دوژمن بەم جۆرە بووە :

● ٨-١-١٩٨٢ :

١١٤ كوژراو، دوو دەبابە، یەك تۆپ ، یەك لۆری ، سێ بنكەی تەقەمەنی .

●٩-١-١٩٨٢ :

٦٨ كوژراو ، یەك تۆپ ، چوار لۆری ، پێنج روانگە ، دوو بنكەی تەقەمەنی و دەست بەسەرا گرتنی چەك و كەرەستەیەكی زۆرو بەدیل گرتنی چەندان سەربازی دوژمن .

● ١٠-١-١٩٨٢ :

٨٧ كوژراو ، یەك دەبابە، چوار لۆری ، یەك شەفل ، یەك روانگەو دوو بنكەی تەقەمەنی .

● ١١-١-١٩٨٢ :

٥٠ كوژراو یەك تۆپ و دوو لۆری و یەك شەفل و دوو روانگە .

● ١٢-١-١٩٨٢ :

١٦٨ كوژراو ، نوقم كردنی سێ نیشانەی دەریایی ، دوو دەبابە ، پێنج لۆری، یەك روانگە ، دوو بنكەی تەقەمەنی و بەدیل گرتنی چەندان سەربازی دوژمن .

● ١٣-١-١٩٨٢ :

لەم رۆژەدا فرۆكەكانمان لێدانی توندیان ئاراستەی بنكەو مۆلگاكانی دوژمن كردو زیانی سەروماڵی زۆری پێ گەیاندن . هەر وەها زیانی دوژمن بەم جۆرە بوو ١٧٠ كوژراو وژمارەیەك بەدیل گیراو هەشت لۆری و دوو تۆپ و سێ روانگەو دەست بەسەرا گرتنی چەك و جبەخانەیەكی زۆر .

Institut Kurde de Paris

سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

# سوپاکەمان جێی شانازی و سەربەرزی هەموو نەوەیەکە

## هەرچوارده ملیۆنەکەی خەڵکی عیراق سوپایەکی چەکدارە

## یەکێتی گەل لە کڵپەی ئاگری جەنگدا پتەوتربوو



**بەرێز مهیب رکـن صدام حسین سـەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان لـەدووەم جەژنی سوپادا لـە گەرمەی شەڕە دلێرەکانـیدووپاتی کردەوە کـە ئاهەنگ‌گێران ناوەڕۆکێکی گەورەی لە مێژووی عیراق‌و مێژووی عەرەبدا هەیە .**

**بەرێز سەرۆکی فەرماندە لەوتارێکـــی نەتەوەیـی سەرتاپاگیردا کە بۆ گـەل‌و جەماوەری نەتەوە دلێرەکەمان لە ئێزگەکانی بلاوکردنـەوەو تەلەفزیۆنی کۆماری عیراقەوە شەوی ٥-٦-١-١٩٨٢ بـە بۆنەی یادی دامەزراندنـی شەستو یەك ساڵەی سوپا دلێرەکەمان بلاوی کـردەوە وتی : ئاهەنگ‌گێران بـەم بۆنەیەوە وەك ئاهـەنـگ گێرانێکی تەقلیدی نەمایـەوە بگرە ئەمڕۆ نیشانەیەکـی بلندی خۆراگرتنی ئـەم گەلە باشەیەو ناونیشانێکـی جیاوازی گەورەیی ئـەم سوپا نەبەردەیە .**

**هەروەها سەرۆکی بەرێز ئەوەشی وت کە هێـــزە چەکدارەکانـــی عیـراق بەدرێژایی ئەم شازدە مانگەی جەنگ دەری‌خست کـــە توانای ئەوەی هەیە لــە بەرەکانـــی جەنگـــدا دەستبەرداری هەڵسوێستی‌و دەسەلاتی تواناداری نەبـێ لەگەڵ ئەوەدا کـــە پاراستنی ئەو هەڵوێستـە بەدرێژایی هەزار کیلۆمەتـر زیاترەو لەم رۆژەدا بەیەکێ لەدەسکەوتە مەزنەکانـــی سووپایی دادەنرێ .**

بەرێز سەرۆکی فەرماندە دووپاتی کردەوە کە عیـراق بەچوارده ملیۆنەکەیـــەوە هەموویان بوونە سوپایەکـی چەك هەڵگرو وزەدار بـــۆ ئەو بیناکردن‌و مەبەستانەی کە سنووریان بۆ نیە .. کە توانیمان ئەوەندە جەنگاوەر بدۆزینەوە بەس بێ بـــۆ پاراستنی لەنگەر لە قازانجی خۆماندا بەرامبەر بەوانـــەی کە رژێمی فارسی نالـــەبار لە تاران بەو زۆرییـــــە سەرباز ئامادە ئەکەن .

هەروەها وتی دەرگـای دەست‌پێشکەری هاتنـــە ریزمان کردەوەو بە هەزاران هەزار لاوانی عیراق‌و پیـاوە دلێرەکانی هاتنە سووپاگەی مەشق کردنەوەو بەڵێن بـە نیشتمان‌و نەتەوە ئەدەن بـۆ قوربانی دان‌و دلێری نواندن‌و لەبەرەکانی جەنگدا بـە بازووە بەهێزو هۆشە تـــواناداروو ویژدانە هێمنەکانیانـــەوە یارمەتی سەرکەوتن ئەدەن .

هەروەها بەرێز سەرۆکی فەرماندە صـدام حسـین دووپاتی کردەوە نەوەکانـی عیراق ئەوانەی کە زۆریـــان لە رێژەی تەقلیـــدی گۆڕیوەو دەری‌ئەخەن کـــە عیراق بەسەر رژێمی هیچ‌و پووچی ئێران نەك بـــەو ژمارانەی کە لە بەرێوەبەریا-تی‌یەکانی دەولەتدا تۆمـار کراون‌و بەژمارە دانیشتوانی زۆرن سەرکەوتوون ، بگرە. بەوبازووە بەهێزانـــەیان‌و بەوگیانە جەنگاوەریانەوە کە پاڵەوانانی جەنگاوەر هەیانـە - لە زەمینەکانی جەنگـــدا سەرکەوتوون چوونکە باوەڕ-یان بەرەوایی ئەو مەسەلەیـە هەیە کە لەپێناویا دەجەنگن‌و بەشەرەفمەندی ئەو نامەیەی کە قوربانی لە رێگـــەدا ئەدەن .

سەرۆکی بەرێز وتـــی کە دەزگاکانی زایۆنـــی‌و ئیمپریالیزمی‌یەکان‌و چاو — شۆڕە ، ناسراوەکان ئەوانەی کە هەڵگری نەژادنامـــەی عەرەبین تەقەللای ئـــەوە ئەدەن زیان بە خۆراگرتن‌و توانا بەرزەکەتان بگەیەنـن‌و ئێوەش دەرتان‌خست کـــە پیاون‌و هەمیشە توانـــای درووست‌کردنی سـەرکەو - تنتان هەیەو تەقەللادانیشتان بووە نموونەی راپەرینمـان‌و پێشرەوی‌یەك کە دلێـــرو شەرەفمەندەکان هەیانـەو ترسنۆك‌و چاوشـــۆڕو خۆفرۆشەکان لێیـــان دەترسن.

دیسانەوە وتی پشـت بە خوا گەلی عیـراق دژی چنۆکی بەربلاوی ئێـــران‌و دژی باوەڕە زەردەکانـــی خومەینی سەرکەوت کـــە دەزگا زایۆنی‌و ئیمپریالی‌یە - کان وای بۆ ئەچوون کـــە نەك هەر هەموو عیـــراق ئەگرێتەوە بگرە هەمـــوو دوورگەی عەرەب‌و نیشتمانی عـــەرەب دوای عیـــراق ئەگرێتەوە .

بەرێز سەرۆکی فەرماندە ئەوەشی وت خاباندنـــی جەنگ‌و درێژەپێدانـــی ئێران زیاتر بەرەو وێرانی‌و ئالۆزی لەپەیوەندی کردنـی رژێمەکەدا لەگەڵ گەلانـــی ئێراندا درووست ئەکـەن‌و لەدۆخی کۆمەلایەتـــی‌و ئابـــووری‌و سیاسیدا گێرەشیوێنی‌و نابەدلی لـە پەیوەندی‌یەکانی ناوچەیی‌و نێو دەولەتاندا پەیدا ئەکـەن .

سەرۆکی فەرمانـــدە دووپاتی کردەوە کە ئـــەو پیلانەی کە بۆ بەحرەیـــن پێکهێنرا پیلانێك نەبـــوو دژی رژێمەکە لە ناوچەکەدا بگرە پیلانێکی فارسی بـوو بە دەست بەسەردا گرتنـــی وڵاتانی کەنداوی عـــەرەب دەست پێ دەکات‌و دوایـــی هەموو کەنداوو دوورگەکـــە بگرێتەوەو بەرپاکردنی ئاژاوە بوو وێرانکاری‌و دابەشـی-کردن بوو بۆ ئەوەی بەتەواوی بیدەنە دەست زایۆنـــی‌و هێزە چاوچنۆکەکانی نێـــو دەولەتان ..

سەبارەت بە هاریکاری چەکدارانەی نێوان کاربەدە-ستانی تاران‌و «تەل‌ئەبیب» بەرێزی وتی : ئەوە شتێکـی رێکەوت نیـــە بگرە خـۆی ئەنجامی ئەو رێکەوتنەیە کـە دژی نەتەوەی عەرەب هەیەو رێکەوتنی قەوارەی زایۆنـی‌و رژێمی ئێران بۆ لێدانـــی دەزگا ئەتۆمیەکانـــی ١٧ی تەموزو خاباندنی ئـــەم رێکەوتنە بە هەموو جۆرێ کە جۆرێکیان تەقەلـــلای فرۆکەکانی زایۆنی دوژمن‌بوو کە چەند جارێ هاتنــە ناو سنووری عیراقەوە .

بەرێزی وتی : ئێمە داوا لەو وڵاتە عەرەبیاتە ئەکەین کـــە ئەم نەخشـــەیە دەیانگرێتەوەو داوا لە برایانی نیشتمانی عەرەب ئەکەیـن ئەوانەی کە تووشی نەبوون وەك ئەوانەی کەوتوونەتـــە چاڵی نەخشەکانی ناپاکی . بۆ ئەوەی دوودڵ نەبن‌و بـە ئاشکراو بەهەموو شـێوەو هەڵوێستی سیاسی‌و بـــە پشت‌گرتنی سووپایـــی‌و دارایی پشتی عیراق بگرن .

هەروەها سەرۆکی بەرێـــز وتی ئێمە داوایان لێ‌ئەکەین کە بەشداری ئەم جەنگـــە نەتەوایەتی‌یە بۆ ئارام گرتنی ویژدان‌و نەهێشتنی روودانی مەترسی بکەن‌و مێـــژوو شایەتـــی ئەوە ئـــەدات کـــێ بـــــەرەوپیری ئەو بانگەوازە چووەو کـێ نکولی لێ‌ئەکات‌و گـــوێی خۆی لێ‌کەڕ ئەکات .

بەرێزی ســـەرلەنوێ شانازی عیراقی بـــــەو هەڵوێستە نەتەوایەتیانـەی نوێ کردەوە کە هەندێ لـــە برایان لە گەلماندا هەبانبوو لەسەرەتادا تاوانبارکردنـــی رژێمی ئێرانیان‌و لایەنگرتنـی مافەکانی عیراقیان دەربڕی.

بەرێزی سلاوی خـــۆی ئاراستەی هەموو ئەو عەرەبە شەرەفمەندانە کرد کە لـەم جەنگـــەدا بـەبازوو دڵ‌و پێنووسەکانیان یارمەتیـــان داوەو ســـەبـــــارەت ئـــــەوەی کە لەلایـــەن کە هەندێ لاوە ئەوترێ بەوەی کە ناویان لێ‌ناوە هـــاوکاری نەتەوایەتی‌و هاوکاری عەرەب دژی زایۆنی دوژمن‌و بانگ - کردنی عیراق بۆ هاوکۆیـی کردنی ئەو هاوکارییـــــە بەقسە . . عیراقی‌یەکان هەمیشە لەپێشـــــەوەی ئەوانەوەبـــوون کە لە رێی فەلەستیندا جەنگـــاون‌و لەجەنگە ئازادیخوازەکانـــدا لەرۆژهـــەلات‌و رۆژئاوادا بەرەوپیری خواستی بـــرا عەرەبەکانیان چوون .

بەرێـــزی بانگـــی شەرەفمەندەکانی نـــەوەی نەتەوەو ئەوانەی کە بۆچارە نووسی سوورن کرد کـــە لەوانە بپرسنەوە کە لـــە پشتەوە لە عیراقیان داوەو یارمەتی ئێرانیان بە چـەك‌و

بروانە ل : ٣

## سەرۆکی فەرماندە صدام حسین:

# عێراق پشت بە خواو باوەڕی گەل سەرکەوت

کەل‌وپەل داوەو ئێستاشی بە هەمە جۆر بەڵگەی ساختە هێنانەوەو بەبێ شەرمی لەسەر هەڵوێستی خۆیانو تەنانەت . دوای دەرکەوتنی ئەو هاوکاری‌یە چەکداری‌یەی نێوان زایۆنی دوژمنو رژێمی دەستبرە گومان‌لێ‌کراوەکان لەتاران ئەرۆن .. تەنانەت دوای دەستدرێژی زایۆنی بە بۆردومان‌کردنی دەزگا ئەتۆمی چاوچنوکی تری بێگانە بکات . .. بەرگری‌کاری شەرفمەندانەو راست لەخاکی داگیرکراو پێویستی‌یەکی خواستراوە لە کاربەدەستە رەسمیەکان سەبارەت بەو خاکە بەڵام بەو گیانەوە کە داوا لە برایانی تر ئەکات کە بەرگری لێ بکەن .

هەروەها بەرێزی وتی ئەو جەنگەی لەگەڵ سەرۆکی فەرماندە بەرێز صدام حسین ئەوەشی وت کە پەیوەندیمان لەگەڵ بزوتنەوەی بێ‌لایەندا گۆشەیەکی بنەرەتی بیروباوەڕو رەوشتو ئەو قوربانی‌دانەمانە کە لەپێناوی بزوتنەوەی ناوبراودا داومانەو وامان لێ‌دەکەن دەوری خۆمانی تێدا ببینین .

هەروەها دووپاتی یماندا نووسیوەو خستوویاننەتە سەر ئەو پەڕە مەزنانەی کە مێژوو نیشانی داین .

بەرێز لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن بەرێز مهیب روکن سەرۆکی فەرماندە صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی بۆپێشکەش‌کردنی وتارە نەتەوەی‌یەکەی بەم بۆنە سەرۆکی سەرکەوتنو سوارەی ئازای نەتەوە سەرۆکی فەرماندە بەرێز صدام حسین هەر وەك راهاتوین هەمیشە پێی بکەین یاخود هەموو رۆژێ پێمان بکات .. بگرە بەیەك گەیشتنە کەبووە هەموو تاوێك لە نێوان بەیەك گەیشتنەوە لە نێوان سەرکردەو سەربازو سەرکردەو گەلەکەیو

## بە هەزاران هەزار دوالی عێراقی و پیاوە دلێرەکانی ئامادەن خۆ ئەگرن و بە بازووی بە هێزو باوەڕی گەشەندانی بەرگری لە ئاڵای سەرکەوتن بکەن .

## سەرۆکی فەرماندە سڵاوی ئاراستەی جەنگاوەرە دلێرەکان دەکات و دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوان لاپەڕەی رووناکی مێژوویی نەتەوەیی و نیشتمانی دەنووسن .

-یەکانی عێراق بۆئەوەی کاربەدەستانی دۆستیان لە ئێران قایل بکەن کەوتنە هەڕەشەکردن لە ئاسمانی عێراق .

بەرێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی کردەوە . . ئەوەی پێی‌خۆشەو بارمەتی داگیرکردنی بەشێك لە خاکی عەرەب ئەدات لە لایەن بێگانەوە ناتوانێ بەرگری کاربێو بلێ پارێزگاری بەشێکی کەی دژی دەستە نالەبارەکانی کاربەدەستانی ئێراندا ئەبکەین واتا (مەعنا)ی زۆری هەیەو هەندێکیان بەستراون بە بیروباوەڕو قازانجە نیشتمانیو نەتەوەی‌یەکانەوەو هەندێکی کەشیان پەیوەندی تەواویان بە هەڵوێستمانەوە لە پەیوەندی نێو دەولەتانو بەبیروباوەڕەکانی ولاتانی بێ‌لایەنو سروشتی ئەو بزوتنەوە هەیە کە گەلانی ئازادیو سەربەخۆیی خواز مەبەستیانە : کردەوە بانگ‌کردنمان بۆ کۆنگرەی بالای ولاتانی بێ‌لایەن دیسان ئەویش قوربانی‌یەکی گەورەیە بۆ بیروباوەڕەکانی بزوتنەوەکەو دوارۆژی پێشکەشنی ئەکەین .

بەرێز سەرۆکی فەرماندا سلاوی لە جەنگاوەرە دلێرەکانمان کرد ئەوانەی کە بەخواستیان پەڕەی رووناکیان لەمێژووی نیشتمانیمانیو نەتەوەی — خۆشەویستووە بەم وشانە پێشکەش کرد .

ئەی رۆڵە دلێرەکانی هێزی چەکدار . . رۆڵەکانی حطینو یەرموكو قادسیەی ئەمرۆ . ئێوە بۆ نیشتمان تێ‌ئەکۆشنو نایابترین پەڕەی پالەوانێتی لە، بەخشندەیی‌و چاکیو سەرکەوتندا دژی فارسی دوژمنو بێ‌مێشك بۆ گەلو نەتەوەکەتان توومار ئەکەن . سەرکردەو نەتەوەکەی بەیەك بگەن .

ئەی‌سوارە دلێرەکان .. رۆڵەکانی هێزە چەکدارە نەبەردەکانمان ..

ئەی رۆڵەکانی گەلی عیراقی مەزنمان ..

ئەمرۆ بە بۆنەی یادی ناوەندی سەرکەوتنەکانی هێزە چەکدارە دلێرەکانماندا بەسەر فارسی دوژمنی بێ‌مێشکدا .. سەرۆکی فەرماندە قسەتان بۆ ئەکات.

# جەژنی لەدایك بوونی سوپا لە پارێزگای سلێمانی

**لە پارێزگای سلێمانیشدا وەك هەموو پارێزگاکانی تری ولات بە بۆنەی (٦١) هەمین بیرەوەری دامەزراندنی سوپای عێراقی دلێرمانەوە چەند چالاکی‌یەك لە ناوچەکانی پارێزگادا جێبەجێ کرا .**

هەر بەم بۆنەیەوە شەقامو جێگا گشتی‌یەکان بە دروشمی تایبەتی ئەم رۆژە پیرۆزەو ئاڵای عێراقیو گوڵی رەنگاورەنگو وێنەی گەورەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین رازابووەوە . هەروەها بەرێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی سەرەتا پێشوازی لە سەرۆك دائرەکان کردو پاشان پێکەوە پیرۆزبایی خۆیان پێشکەش بە سەربازو ئەفسەرەکانی سلێمانی کردو بەم بۆنەیەوە دیاری تایبەتی خۆیان پێشکەش کردن ، شایانی باسیشە لەم سەردانەیاندا هاورێ دکتۆر نجم عبدالله العراقی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی سلێمانی هاوبەشی کردن .

باشان بەرێزان پارێزگاری سلێمانیو هاورێ ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی سلێمانی دەستیان کرد بە کردنەوەو دانانی بەردی بناغەی ژمارەیەك لە پرۆژەی جۆربەجۆرەکان کە تێکرا بایی ٢ ملیون و ٥١٣ هەزارو ١٩٠ دینار بوو لەوانەش . دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی دوو رێیانی سەرچنارو سلێمانی بە نرخی یەك ملیونو ٨٩٠ هەزارو ١٩٠ دینار لەگەڵ کردنەوەی کارگەی برینی بەردی سەرچنار بە نرخی ٣٥٠ هەزار دینار ئینجا کردنەوەی پرۆژەی سایلۆی چەوەندەر بە نرخی ١٣٣ هەزار دینار لە کارگەی گشتی شەکرو هەروەها کردنەوەی بینای دەزگای گشتی نەخشەو لێکۆڵینەوەی لقی سلێمانی بە نرخی ١١٠ هەزار دینار .. ئەمانەو کردنەوەی مەخزەنو سیاجێکی بەرێوەبەرێتی لاوانی سلێمانی لە ناوچەی رزگاریدا بە نرخی (٣٠) هەزار دینار . دوابەدوای کردنەوەی ئەم پرۆژانەش بەرێزان جعفر عبدالکریم بەرزنجیو هاورێ دکتۆر نجم عبدالله العراقی لەگەڵ سەرۆك دائرەکانی پارێزگای سلێمانیدا سەریان لە ئوردوگای مەشق کردنی سوپای میللی لە ناحیەی عەربەت داو بەرێز پارێزگاری سلێمانی وتارێکی بۆ خوێندنەوەو تیایدا سەرەتا پیرۆزبایی ئەم بیرەوەری‌یەو سەرکەوتنەکانیانی لێ‌کردنو وتی ئێوە هەمیشە دووپاتان کردوەتەوە کە توێنەری راستەقینەی ئەم میللەتەنو بۆ مێژووتان سەلماندوە کە برایەتی کوردو عەرەب ئەوەندە بە هێزو بتەوە لە دێر زەمانەوە تا ئێستا دوژمنەکانی ولاتمان نەیانتوانیوە بە هەموو پیلانەکانیانەوە کاری لێ‌بکەن.

## رێکخراوی رزگاریخوازی فلەستینی: رژێمی فارسەکان لەبارێکی ئاڵۆزدایە

رێکخراوی رزگاریخوزی فەلەستین سەر لە نوێ پیلانی تێکدەرانەی رژێمی تێرانی دژی بەحرین تاوانبار کردوەو ئەم پیلانەی بە کاریکی نارەوا باسکردوە .

خالد حسن ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بزوتنەوەی فتح بە گۆڤاری (صدی الاسبوع »ی بەحرینی راگەیاندەکە پەیوەندی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین و ئێران باش نیەو رژیمی فارسەکان لە ئاڵۆزیدایەو راشی گەیاندوکە چاوەرێی چاك بوونی ناکرێ چونکە هەر مەلایەك لە مەلاکانی ئێران خۆیان دەولەتن لە ناودەولەتدا .

# رۆژنامەیەکی نەمساوی باسی هاوکاری گومان لێ کراوی نێوان رژێمی فارس و ئەسەد دەکات

**ڤیەننا - ١٢ - ئا ـ د ـ ع ـ رۆژنامەی (فولکس بلات) کە بەناوی پارتی گەلی نەمساوی‌یەوە ئەدوێ دووپاتی کردەوە هاربکاری نێوان رژێمی سوری ئێرانی تەنیا لەچوارچێوەی خایاندنی جەنگی عیراق و ئێراندا نامێنێتەوە بگرە کارێکی کردووە وای لەناوچەی کەنداوی عەرەبی کردووەبێتە جێی دەست وەشاندنی سیاسەتی وێرانکاری ئێران .**

رۆژنامەکە لەوتارێکدا کە رۆژی ١٢ی ئەم مانگە بلاوکراوەتەوە روونی کردۆتەوە پەکگرتنی سوریا لەگەڵ رژێمی فارسیدا ئەم پیلانانەی دەرخست کەخومەینی دژی ولاتانی ناوچەکە درووستیان ئەکات و پەنجەی بۆ دەرکەوتنی ئەو رەفتارە وێرانکاری‌یەی ئەم دوای‌یەی بەحرەین راکێشاوە کە رژێمی دەسەلاتداری ئێران بەرێوەی ئەبات .

رۆژنامەکە روونی کردۆتەوە کەکاری تەقینەوەی بالوێزخانەی عیراق لەبێروت ئەنجامی ئەم رێکەوتنە هاوکۆی‌یەی نێوان مرخابەراتی هەردوو رژێمی فارسی و سوریا دژی عیراق هاتووە .

رۆژنامەکە لەوتارەکەیدا کۆتایی بەوەهێناوە کەدەرکەوتنی رژێمی خوێناوی تاران دووپاتی ئەوە ئەکاتەوە کە لیژنەی پارێزەرانی جیهان لەجنێف بەتەواوی هەستی بەوە کردووە کە رژێمی ناوبراو تەنیا (٣٣٥٠) هەزار کەسی بەتوومەتی سیاسی لەسێدارە نەداوە بگرە ژمارەکە زۆر زۆر لەوە گەورەترە .

---

# بریندارکردنی حجة الاسلام حسن منفرد لە تاران پێکدا هەلپژانێکی توند لە نێوان شۆرشگێرانی کورد و پاسدارانی خومەینی

**تاران -١٢- ئاژانسەکان: هێزی بەرهەڵستکاری ئێران لەگەل ئەوهەموو هێرشی لە سێدارەدانانەی کە رژێمی فارسی دژی گەلانی ئێران ئەیکەن هەلمەتی چەکدارانەی خۆیان دژی دوژمنان و دەزگاکانی دەولەت توند دەکەن .**

لەم هێرشە دلێرانەیاندا کوشتنی ( حجتی ئیسلام)و ئەحرو بۆکانی بوو ئەمە بێجگە لە کوشتنی هەندێ لە پاسەوانان و کاربەدەستانی خومەینی کەپێیان ئەلێن (حزبی خودا ) .

لە لایەکی کەوە قسەکەرێکی پاسەوانەکانی خومەینی بلاوی کردەوە کە پێکداهەلپژانێکی فراوان رۆژی ١١ی ئەم مانگە لە نێوان پاسەوانەکانی خومەینی و شۆرشگێرەکانی کورد لە ناوچەی نۆکنەو ئەنیارو تایەر ئاباد روویداوە کەلەدەوروبەری بۆکانەوە هاتوون .

هەروەها لە ناوچەی مەهاباد و سەردەشت پێکداهەلپژانێکی کە لە نێوان پاسەوانەکانی خومەینی و شۆرشگێرانی کوردا روویداوەو هەشت کەس کوژراوە .

دیسانەوە رادیۆی تاران شەوی یازدەی ئەم مانگە بلاوی کردەوە کە پاسەوانەکانی خومەینی ژمارەیەکی زۆر ئازووقەو کەلوپەلی سوپایی لە شاخی شەمرانی نزیك تاراندا دۆزیوەتەوە .

لەبەر رووناکی پێکداهەلپژانی نێوان هێزی بەرهەلستکاری ئێران و پاسەوانەکانی خومەینیدا پێکدا هەلپژانێك لە نێوان بەرهەلستکاران و پاسەوانەکانی رژێمی ئێراندا لە نۆکەندی بوجی ئاباد روویداوە ، ئێژگەی ئێران ئەو هەوالانەی شاردەوە کە سەباردت بە کوشتن و پێکاندنی پاسەوانەکانی خومەینیدا بووەو تەنیا هەر ئەو زبانانەی دەرخست کە هێزی بەرهەلستکاران تووشیان هاتووە .

### لە بەیاننامەیەکدا:

## ولاتانی خلیجی عەرەبی نارەزایی دژی پیلانەکانی رژێمی فارسی رەگەز پەرست دەردەبرن

ئەنجومەنی وەزیرانی کاری ولاتانی خەلیجی عەرەبی بەتوندی نارەزاییان دەربڕیوە بەرامبەر ئەو پیلانە تێکدەرانەیەی رژێمی فارسی رەگەز پەرست دژی بەحرین سازی کردبوو .

ئەنجومەن لەو بریارو خواستانەی دوای کۆبوونەوەکانی لە شاری ریاض بلاوی کردەوە دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو پیلانە نارەوایە دەست هاویشتنە بە کاروبارو هێرش بردنە بەسەر سەربەخۆیی و رێزی بەحرێنە .

ئەنجومەن ولاتانی عەرەب و ولاتانی تری جیهانی بانگ کردوە کە نارەزایی بەرامبەر بەم کارە ناپەسەندەی رژێمی فارسی دەگەز پەرست دەربڕن .

Institut Kurde de Paris

## لەیادی لەدایک بوونی هاوکاریدا

# رۆژنامەو پێشکەوتنی راگەیاندن

دنیای راگەیاندن ، هەموو رۆژێ شتی نوێ دەهێنێتە کایەوە ، سەدان ساڵ ، لەمەوبەر ، پیتو ووشە ، تاقە وەسیلەی راگەیاندن بوون ، بە بیری کەسدا - یان هەموو کەسدا نەدەهات - رۆژێ دێت لە رێگای هەواوە ، دەنگ دەبگاتە دوورترین شوێنو بەزوویی [illegible] کاتێش ئەو دەنگە بگاتو بەڕوویەکی [illegible] کاری ئاسیرکردن رابەرێنێ

عبدالله عباس

ئارەزووی مرۆڤ ، بۆ زانینی ، زیاترو داهێنانی زیاترو فێربوونی زیاتر لەو سنوورەشدا نەوەستا ، لە سنووری راگەیاندندا لە باڵی دەنگدا ، وێنەش لە دوورترین شوێنەوە بۆ دوورترین ، کەوتە کاری خۆی ، بەم جۆرە ، تەلەفزیون ، بوو بە وەسیلەیەکی زۆر گرنگو لە رۆژگاری ئێستادا ... تادێ گرنگ تر دەبێت .

لەوانەیە ، وازانراپێ . هەر هیچ نەبێت لە تۆناخێکی دیاریکراودا - تەلەفزیون لوتکەی تەکنیکی راگەیاندنە - بەڵام ، کار لە سنوورێکدا ناوەستێت ، چونکە ، ژیان خۆی لە سنوورێکداو پێداویستەکانی کە لەگەڵیا دێنەکایەوە لە سنوورێکدا ناوەستن ، ئیتر شتێکی تر داهات کە پێی دەڵێن - ڤیدیو - ، هەر چەندە ئەمەیان لە نرخی تەلەفزیونی کەم نەکردەوە ، بەڵام زەخمێکی بەهێزتری پێبەخشی ، لە ڤیدیویشەوە ، بۆ ڤیدیوکاسیاو بەم جۆرە ... کاری داهێنان بەردەوامەو کەم کەس دەزانن سبەینێ ، دووربێت یان نزیك ، چ داهاتێکی نوێ ، سەدان ساڵی تەکنیك لە مەیدانی راگەیاندا کەم دەکاتەوە ، کەس نازانێت یان کەم کەس دەزانن - رۆژنامە ، یان گۆڤاری سبەتێ چۆن دەبێت ، ئایا تێکەڵ دەبێت لە وێنەو دەنگو ووشە ، یان لەوەش سەیر ترو گرنگ تر دەبێت ؟

یان ، تۆ بڵێیت ، لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا ، ووشە سەروەری هەڵویست بێتو تەنیا ئەو دەربڕی مەبەستە سەرەکیەکە بێت لە راگەیاندندا ؟

هەموو شارەزاو پسپۆڕەکان لە پاشەرۆژ ، دوای سەدان تاقیکردنەوەو سەرژماردەو بەکارهێنانی چەندان رێگاو شوێنی تاقیکردنەوە ، گەیشتونەتە جۆرە قەناعەتێك دەڵێن ( ووشەی چاپکراو . . . هەر سەروەر دەبێت[1] ) .

**لەپاڵ هەموو داهاتە نوێکاندا ، لە مەیدانی راگەیاندندا لە پاڵ هەموو ئەو شتانەی گوێ دەیبیستێو چاو دەیانبینێ ووشەی چاپکراو ، هەر بە بەهێزی خۆی دەمێنێتەوەو هەر ئەو بەهێزە ، ئەوانە بە قەناعەتەوە دەڵێن : ووشە کە لە رۆژنامەو گۆڤارادا دەنووسرێت ، وێنە هەرە نوێیەکەی یەکەم هەنگاوی پێوە دیارە ، بۆیە هەر بە بەهێزی دەمێنێتەوەو ئەوەی ئەمرۆ ، لەو ووشە چاپکراوانە ئەو پەردە دەبینن دوێنێی بەستۆتەوە بە ئەمرۆوەو ... رێگایە بۆ سبەینێ ..**

× × ×

لە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی تردا دەربارەی بایەخی دەزگاکانی راگەیاندن[2] ، بەنجام بۆ ئەوە کێشا کە ، دەتوانین بڵێین ، رۆژنامە بەشداری‌یەکی ویژدانیو فیکریبە لە کۆڕی مرۆڤایەتیدا ، نووسەری رۆژنامەو خوێنەر بە یەکەوە دەبەستێت ، رۆژنامە ، بە هەموو شێوەکانیەوە ( ئەو گۆڤارانە نەبێت ، بۆ لایەنێکی دیاریکراوی زانستیو ئەلەفی تەرخان بوون ) دەبێت بە پێی ئەم مەرجانە ، ئەو پەیوەندی‌یە ویژدانیە مرۆڤایەتیە لە نێوان خۆیو خوێنەرەکانیان دروست بکات :

**یەکەم : تێگەیاندن ...**

**دووەم : ئاگادارکردنی خوێنەران لەو شتانەی لە دەوروپشتیان روو دەدەنو هوشیارکردنەوەیان .**

**سێیەم : راکێشانی خوێنەران بۆ خوێندنەوە .**

**چوارەم : کارتێکردن ، رازیکردن ، رابەریو ئاراستەیی ..**

ئەمانە ، تێکرایی ئەرکی رۆژنامە نووسی‌یە ، لە پاڵ ئەمەدا رۆژنامەیەك جۆر نیە ، رۆژانە هەیەو هەفتانەو دیسان گۆڤاری هەفتانەو مانگانە هەیە ، بێجگە لە گۆڤار یان رۆژنامەی تایبەت بە شارەزایی دیاریکراو ، وەك گۆڤارێکی تایبەت کە تەنیا بایەخدان بە زانست دەدات ، یان رۆژنامەیەکی هەفتانە تەنیا بۆ کاروباری وەرزش تەرخانە ، یان گۆڤارێك بە تەنیا بۆ کاروباری ئابوری ، یان تەنیا بۆ ئەدەبو جمەکەکانی تری رۆشنبیریو تا دوایی ، بەڵام راستی‌یەك هەیە نابێت لە بیری بکەین ئەم گۆڤارو رۆژنامە تایبەتیانەش لە رووی ئاراستەو راگەیاندنو هونەری رۆژنامەنوسیەوە هەرچەندە تەرخانیش بن بۆ بەشێکی تایبەتی خوێنەران ـ بەڵام ئەو چوارچێوە فیکریانە دەیانگرێتەوە کە باسمان کردن .

بێگومان دەزانین ، لە نێوان رۆژنامەی رۆژانەو هەفتانەدا ، ئەگەر لە گۆشەی ئەرکی رۆژنامە نووسیەوە سەیری بکەین ، جیاوازیەکی زۆر کەمو ساکار هەیە ، هەرچەندە ، هەندێ شارەزا ، ئەم جیاوازیە ساکارەش بەدی ناکەن ، بەڵام هەندێکی تریان دەڵێن ، رۆژنامەی رۆژانە شتێکەو هەفتانە شتێکی ترە ، بە لای هەندێکی ترەوە وایە ئەگەر جیاوازی لە جۆرو شێوەو وەختدا هەبێت ، بەڵام ، هەردووکیان لە ئەنجامدا یەکن ، بەڵام تازەترین باری سەرنج لە دنیای رۆژنامە نووسیدا کە ( بە پێی ئەم بارو رۆژگارە پڕ لە خێراییو گۆڕانە ، کارگێرانی رۆژنامە نووسی زیاتر مەیلی دەرکردنی هەفتانە دەکەن[2] ) لە شێوەی گۆڤارداو ئەم جۆرە رۆژنامەنووسیە زیاتر دەتوانێت لە خوێنەر نزیك ببێتەوە ، خاوەنەکانی ئەم باری سەرنجە دەڵێن : گۆڤارێکی هەفتانە ، زیاتر دەتوانێت لە رادەی خواستی خوێنەر دابێت ، چونکە ، زوربەی زۆری ئەو دەنگو - باسانەی رۆژنامە - بڵاویان دەکاتەوە پێشتر دەتوانرێ لە رێگای رادیوو تەلەفزیونەوە چەندان جار گوێیان لێبێتو ئەوانیش - رادیوو تەلەفزیون - سەرچاوەی دەنگوباسیان هەر ئەو ئاژانسە دەنگو - باسانەن کە رۆژنامەکان متمانەیان پێ دەکەن بۆ وەرگرتنی مەعلومات . بەم جۆرە ، بۆ ئەوەی رۆژنامەی رۆژانە بایەخی خۆی بمێنێ ، ئێستا لە کاری ئاراستەکردنو راگەیاندندا ، متمانە بە خێراییو دەستوبردی دەکەنو دەیانەوێت سەرچاوەی مەعلوماتیان لە خۆیانەوە بێتو بێجگە لەوەش روو دەکەنە بەرەپێدانی لاپەرە تایبەتیەکانی لێکۆڵینەوەو رۆشنبیری گشتیو کاروباری رۆژانەی ژیانی خەڵك ، ئەو گۆڕانکاری‌یەی بەسەر کەرەستەکانی راگەیاندا هاتووە ، وای کردوە ، زۆر لە رۆژنامە دیارەکانی دنیا بە باری خۆیاندا بچنەوە .

بۆ نموونە : رۆژنامەی - تایمز - [3]ی لەندەنی نزیکەی زیاتر لە نیوە سەدەیەك ئوسلوبێکی تایبەتی خۆی هەبوو لە دنیای رۆژنامەنووسی بەریتانیاو جیهاندا ، لاپەڕەکانی یەکەمی بۆ ئاگاداریو پروپاگەندە تەرخان دەکرد ، بەڵام رووداوی گرنگی لە رادەی هەواڵی دەستپێکردنی یەکەم شەڕی جیهانیدا ، لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا بڵاودەکردەوە ، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا «تایمز» هەستی کرد رادەی رۆژنامەنووسی نزم بۆتەوەو دوایی ناچار بوو ، بە گۆڕینی ئەم ئوسلوبەو تازە بە تازە ئەم رۆژنامە کۆنە لاپەڕەی یەکەمی تەرخان دەکات بۆ کاروباری گرنگی جیهان .

«لوموند[4]»ی فەرەنسایی لە ماوەی ٣٦ ساڵدا سووربوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ هەواڵەکانیا وێنە بڵاونەکاتەوە ، بیانووی لەو ٣٦ ساڵەدا ئەوەبوو ، کە یەکەم مەسرەف کەم دەکاتەوەو دووەم لە جیاتی وێنە هەواڵێك زیاتر بڵاودەکاتەوە ، لەگەڵ ئەم ئوسلوبە سەیرەشدا لومۆند بوو بە یەکەم رۆژنامەی فەرەنسا کە بەردەوام بڵاوبوونەوەی پەرەی سەندو لە رۆژێکدا نیو ملیۆن نوسخەی لێ بڵاو دەبێتەوە ، بەڵام لەبەردەم گۆڕانەکانی کەرەستە راگەیاندندا ناچار بوو واز لە مەسەلەی کەم مەسرەفیو هەواڵی زیاتر بێنێو رووبکاتە بڵاوکردنەوەی وێنە .

(١) گۆڤاری «رۆشنبیری نوی» ژ ساڵی ١٩٧٩ .

(٢) گۆڤاری - کفاح العربی - ژ ٧٣ لە ٥-١١-١٩٧٩دا .

(٣)و (٤) گۆڤاری - کفاح العربی-ژ ٧٥ ساڵی ١٩٧٩.

